به ناوي خوداي كه وره و ميهره بان
(Swiss Federal Pact of 1291)

# عیراقێکی سەربەخۆ هێمن وسەقامگیر

( عراق مستقل آمن مستقر )

ئاماژەی بە ( **aemam** ) بۆ ئەکرێت

وە (عمام) لە زمانی عەرەبیدا (کۆی) هەمو سەرپێچێکە کە بە سەرەوە ببەسترێت وە بەرفراوانترە لە (عمائم) کە کۆی (عمامە) یە وە تایبەتە بە پیاوە رێزدارە ئاینیەکان ، بەلکو هەمو ئەو سەرپێچانە ئەگرێتەوە کە عیراقیەکان ئەیپێچنە سەریان وەکو (مشکی ،جامەدانە ، غوترە ، شماغ، عگال) وە عیراقیەکان بە رەمزی سەربەستیو پیاوەتی تایبەتی خـــویانی دا ئەنێن .

هیوادارین کە ، وشە جوانەکانی (عیراقی سەربەخۆ هیمن و سەقامگیر) بلکێتە سەرپێچی هەمو عیراقیەك وە تێکەل بە هوشو هەستیان ببێت وە لە ناخی دلە پر لە ئەمەکو لێبوردنو خوشەویستی خاك و نیشتمانیاندا بیپاریزن ، وە دەست بە کار بن بۆ بەجێهێنانی ، بەوە ناسنامەی عیراقیان بە دەست ئەهینن ، کە بریتیە لە هیمنیو دامەزراویو گەشەداری لە ئیستاو وە لە دواروژیاندا ، ئەمەش نازدارترو جوانترو پر لە خوشیترە لە هەمو بوەکانی تری عیراقیەکان .

عیراقیەکان ئەبیت ریگای دوارۆژی خویان بە خۆیان بیبیننەوە ، وە ئاخاوتنەکەی (أنتونیو ماخادو) بسەلمینن کە ئەلیت ئەی ریبواری بەرەو دواروژوی خۆچوو ، ریگا نیە !؟ تەنها ریگا ئەوەیە کە ریبوارەکان بۆ خۆیان دابینو دروستی ئەکەن !

ئیمە گفتوگۆ وە دیالوگیکی دروستو رون وە ئاشکرا بەرهەم ئەهێنین لە نیوان عیراقیەکاندا ؟

تکا و داوامان لە هەمو تواناو پارتو دەسەلاتە سیاسیەکانی بەشداربوی دەسەلاتداری میری عیراق ، وە ئەوانەی لە و دەسەلاتداریە بێبەش وبێبەرین ، وە هەمو گروپە چەکدارەکانی پالپشتی دەسەلاتداریو ، وە گروپەکانی بەرگری چەکداری دژ بە داگیرکەر ، وە بنەما ئاینیەکانی سەرانسەری عیراق ، وە ریکخراوە مروڤایەتیەکانو دەزگاو وەدامەزراو سانديکاو ، کەسایەتی رامیارو کۆمەلگایی بە ئەمەکو ناودار وە سەربەخۆ ، پشتگیری ئەم کارەمان بکەن وە بەشدارین لە سارێژ کردنو راگرتنی قەلبەزە خوینی برینی عیراقدا ! ! . بە کۆهاوکاری وە بەشداربونی عیراقیەکانی دەرەوەو ناوەوەی عیراق وە هاوریانی گەلی عیراق ، دیالۆگیکی دروستو نوسراو وە روون لە نیواندا بەرهەم ئەهینین ، دوای وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە دامیندا هاتوە ؟ کە تکامان لە هەموو بەشدار بوانە ، کە بە شیوەیەکی بەرپرسیارو روون ، وەلامو تیبینیەکانیان بە یەکیك لە زمانەکانی کوردی ، عەرەبی ، یا ئینگلیزی ، بنیرن ، چونکە هەریەکە بە شیوە زمانی خۆ لە سەر پەرەکانی ( www.aemam.net ) بلاو ئەکریتەوە ، داواکارین لە هەموان کە دەستبەکار بن بۆ سەرخستنی ئەم کارە مرۆڤیاریە کە سوود گەیەنە بە هەموان ، وە ئەچیتە سەر کارە سەروەرمەندەکانی عیراقیەکان کە لە میژودا تۆماریان کردوە .

تکاو داوامان له ولاته کانی دراوسی عیراق ئه‌که‌ین : کوماری تورکیا ، کوماری ئیسلامی ئیران ، کوماری عه‌ره‌بی سوریا ، شانشینی ئوردنی هاشمی ، شانشینی عه‌ره‌بی سعودی ، میرنشینی کویت ، هه‌لویستیان به شیوه‌یه‌کی به‌رپرسیارو رون وه ئاشکرا ، له سه‌ر روشنایی به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی خویان وه میله‌ته‌کانیان وه دواروژی میله‌تی عیراق ، ئاشکرا که‌ن وه ده‌ربرن .

تکاو داوامان له یه‌کگرتوی ئه‌وروپا وه ده‌وله‌تی سویسرا وه له ریکخراوه‌کانی نیو ده‌وله‌تی سه‌ر به نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتوه‌کان : خاچی سورو مانگی سور ، ریکخراوی ته‌ندروستی جیهانی ، یونیسیف ، یونیسکو ، ریکخراوی کۆچه‌وری جیهانی ، ریکخراوی کاری جیهانی ، ریکخراوی جیهانی مافی مروڤ ، ریکخراوی خوراك وکشتوکالی جیهانی (ف.ا.و) که فه‌رموده‌و بیرورای دروستیان ده‌رباره‌ی چونیه‌تی بینینیان بۆ عیراق له بواره‌کانی مروڤایه‌تی و ته‌ندروستی وفیرکردن و خویندن و کالچه‌ر و دایکایه‌تی و کوریه‌ی و کار و کریکار و شایسته‌مافی تاکه‌که‌سی وکشتوکال و دابینکردنی خوراك بو عیراقیه‌کان وحالوبالی کۆچکردوه‌کان ، به زه‌بر کۆچ پیکراوه‌کان له ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وه‌ی عیراق ، به هیواین فه‌رمایشته‌کانیان په‌یوه‌ندبیت به کردار ویارمه‌تی گونجاو له چیوه‌ی تایبه‌تمه‌ندی کاره‌کانیان .

تکاوداوامان له هه‌مو به‌شدارانی کوششه که‌مانه ، که به شیوه‌یه‌کی روشن وبه‌رپرسیار وه به راشکاوی وه‌لامی ئه‌م پرسیارانه‌ی خواره‌وه بده‌نه‌وه :

1 ) هه‌لویستت چیه به‌رامبه‌ر به سه‌ربه‌ستی که‌سایه‌تی ؟

2 ) هه‌لویستت چیه به‌رامبه‌ر ره‌چاو کردنی ته‌واوی مافه‌کانی شارستانیتی ، کالچه‌ری ، مروڤیاری ، بۆ عیراقیه‌کان به گشتی ؟

3 ) کامه جوری سیستیمی به‌ریوبردن هه‌لده‌بژیری بۆ ده‌وله‌تی عیراق؟ : -

أ- سیستیمی به ریوه‌بردنی ناوه‌ندی ( مرکزی په‌رله‌مانی ) له گه‌ل پیدانی ده‌سه‌لاتی ته‌واو به ده‌سگاکانی به ریوه‌بردنی پاریزگاکان بۆ دانانو ریکخستنو به‌ریوه‌بردنی پلانه‌کانی گه‌شه‌پیدان له بواره‌کانی (فیرکردن ، ته‌ندروستی ، خزمه‌تگوزاری ، پاراستنی پاکژی که‌ژ ) به مه‌رجی تومارکرابیت له پلانی گشتی ده‌وله‌ته دا ، ملکه‌چی پشکنین و ورد بینینی خه‌رج وچاودیری بیت له لایه‌ن دامو ده‌زگاکانی په‌یوه‌ند داری حکومه‌تی ناوه‌ندی؟

ب- سیستیمی به ریوه‌بردنی یه‌کگرتو (فیدرالی) پاریزگاکان له هه‌مو کاره‌کانی پلان دانان و به‌جیهیناندا وه له بواره‌کانی

په‌ره‌پیدان و به‌ریوه‌بردندا سه‌ر به‌خون ، وه له دانانی بوجه‌ی سالانه‌ی خویان له‌سه‌ر روشنایی توانا داری له به جیهینانی پلانه‌کانیان به پشتبه‌ستی داهاتی پیکهاتوی خه‌رجی خۆیان له باج وره‌سمه میریه‌کان وه له گه‌ل ئه‌و داهاته‌ی که له بوجه‌ی گشتی حکومه‌تی یه‌کگرتوی ناوه‌ندیه‌وه بویان ته‌رخان ئه‌کریت ، وه ملکه‌چی چاودیری وپشکنین و وردبینی بیت له لایه‌ن کومه‌لانی خه‌لقو لایه‌نه په‌یوه‌ند داره‌کانی حکومه‌تی یه‌کگرتو (فیدرال)ه‌وه؟ .

ج- ئایا هیچ جوره ناره‌زایه‌ك ئه‌بینی له یه‌کگرتنی دوو پاریزگا ه ، یا زیاتر له چیوه‌سنوریکی به‌ستراو به سیستیمی به‌ریوه‌بردنی یه‌کگرتو (فیدرال) یه‌وه؟ .

د - ئایا پیتباشه گه‌رانه‌وه بۆ سیستیمی ولایه‌ته‌کان ( ولایه‌تی به‌سره ، ولایه‌تی به‌غدا ، ولایه‌تی موسل ) وه‌ك له زه‌مانی حوکمرانی خیلافه‌تی ئیسلامی عوسمانیه‌کاندا جیگیربو له عیراقدا تاوه‌کو داگیرکردنی عیراق له لایه‌ن سوپای

بەریتانیاوە لە سالی 1921 وە بەستنی ولایەتی موسل بە عیراقەوە بە پێی پەیمانگیریکی نیو دەولەتی کە عیراقی نوێی

سەلماندبوی وە لە دەستوری عیراقدا (لە دە برگەدا ) تومار کرابو ! !___ وە پاراستنی مافەکانی (سیویلی، ورامیاری

ونەتەوایەتیو ، وە فێرکردن، وە بە کارهێنانی خۆ زمان لە بوارەکانی فێرکردن وبازرگانی و دادگاییدا ، بۆ عەرەب وە کورد وە تورکمان وە ئاشوریەکان دابین کردبو ! ، هەر وەها لە بواری دینداری وە خدا پەرەستیدا مافەکانـــــی ئاینە جوراو جورەکانی ئیسلام، دیان (مەسیحی) ، وە جولەکە ، وە یەزیدی، دابین وە مسوگەر کردبو ! ) ؟ ___ شێوە

یەکدیگیربونیان بە شێوەی (کونفدرالی) بێت وەك کونفدراسیونی دەولەتی ئیماراتی عەرەبی، یا کونفدراسیونی دەولەتی سویسرا ؟ . بۆ زیادە زانیاری لە رویی ماف سەلماندنەوە بروانە ( سویندخواری فیدراسیونی سویسری سالی 1291 زایینی) کە تاوەکو ئێستا

بناغەی بە هێزی پاراستنی مافەکانی گەلانی جیاوازی سویسرایە ! بروانە :

( www.solami.com/a31.htm#MOSUL وە ( swiss Federal Pact of 1291)

4 ) ئایا پالپشتی جیاکردنەوەی ئاین لە حوکمرانی دەولەت ئەکەیت لە سەر بنەمای ( ئاین بۆ خودا وە نیشتمانیش بۆ عیراقیەکان بە گشتی وەهەرکەس بە پێی دابو نەریت و لەسەر شێوازی تایبەتمەندی خودا پەرستی خوی؟ .

5 ) ئایا دەخوازیت کەسیستێمی خویندن بە زورەملی (إلزامی) بەردەوام بێت؟ ئایا دەخوازیت سیستێمی خویندن بە بێ هەقرەسم وە پارە (مجانی) بێت ، تاوەکو هەمو عیراقیەکان بە تایبەت هەژارەکان توانای وەدەستهێنانی تەواوی زانیاریەکانیان هەبێت لە پلەکانی جۆراوجۆری خویندندا ؟ .

6 ) ئایا بەرپرسیاری دەولەت لە بەرپاکردنی خزمەتگوزاریەکان بە پێویست ئەزانی لە بوارەکانی :

أ ) خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی لە (ئاو ، کارەبا ، پاکژمەندی) خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی لە (پزیشکسازی ، چارەکردن ، دەرمانسازی ) بەرامبەر بە جورە (هەقرەسم) ێکی رەمزی بەرامبەر بەو خزمەتگوزاریانە ؟ ، ئایا پالپشتی مانەوەی میریت لە دابینکردنی خواردەمەنیە بنەرەتیەکان (ئەساسیەکان) بۆ خەلقی عیراق ؟ ، وە ئایا هیچ جورە تێبینیەکت هەیە دەربارەی دابەشکردنی بەشەخواردەمەنیەکان؟ .

ب ) ئایا بروات وایە کە سەرومالی گشتی (مال العام) مولکی خەلقانی عیراقە ؟ ، دەستدرێژی بۆ سەر ئەو سەرومالە تاوانە وە بۆ کەس نیە بۆ سودی تایبەتی خۆ بە کاربهێنێت ؟ ، تەنها میری لە ریگای دەسگا تایبەتمەندیکانیەوە بۆی هەیە چاودیری

ئەو سەرومالە گشتیە بکات؟ ، وە ئایا پێتباشە دادگایی ئەوانە بکرێت کە بێ مافداری دەستدرێژیان کردۆتەسەر ئەو سەرو مالە گشتیە ؟ .

7 ) راتان چیە بەرامبەر چارەدوزی بۆ پاشماوەی شەرە زورەملیەکەی (الحرب العدوانیە ) توشی عیراقهاتوە ئەنجامەکانی وە قوربانیەکانی ئادەمی وە ویرانکاری ، ( وە قوربانیەکانی ئادەمیو وە ویرانکاری ئەنجامی توندرەویو پێکدادانو کوشتنو برینی ناوخویی ) ؟ ،

أ ) بە قەرەبوکردن؟ ، وە هێشتنەوەی فایلەکانی بە کراوەیی وە رەدونانی تاوانبارەکان لە هەر کوێە کبن؟ .

ب ) بە قەرەبوکردن ؟ ، وە داخستنی فایلەکانی بە گشتی لە سەر بنەمای لێبوردن وخودا خوشبون لەو کارانەی پێشو ؟ .

ئیمە گفتوگۆ و دیالوگیکی دروست و رەوشەنو نوسراو وە پرسیاربار ، بەرپا ئەکەین ، وە بە گەیشتنی وەلامی پرسیارەکان وتێبینیەکانی بەشداربوە ئازیزەکان ، لەسەر پەرە تایبەتمەندە تایبەتەکان بلاو ئەکەینەوە .

ئێمە راپورتیکی گشتگر و کۆ وە پالاوتەو پوختە ، دەربارەی ئەنجامی گفتوگۆ وە دیالوگەکان ئامادە ئەکەین وە بیرورا جیاوازەکانو دژ بە یەکتر بلاو ئەکەینەوە ، وە دابەشی ئەکەین بەسەر بەشداربوەکاندا تاوەکو بیروراى خویانی لە سەر دەربرن ، ئەوکات بۆ دوا جار راپورتەکە ئامادە ئەکەین بۆ پیشکەشکردنی بۆ کونگرەی گشتی دیالوگو ئاشتی ، کە نیازی گرێدانی لە یەکێك لە ولاتەکانی ئەوروپادائەبێت ، وە بەشداربوەکانی بۆ بانگهێژ ئەکرێت لە عیراقیەکان و نوینەرانی ولاتانی دراوسێیی عیراق وە نوینەرانی ریکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان .

<u>تکاو داوامان</u> لە هەمو (ریکخراوەکانی یەکێتی ئەوروپا وە نەتەوە یەکگرتوەکان وە دەولەتی سویسرا ) یە ، کە جەختی پر توانیان تەرخان بکەن بۆ یارمەتیدان وە ئامادە کردنو سەرپەرشتی ئەم کۆنگرەیە کە کارێکی سودبەخشە بۆ ئاشتی وە ئاسایشی دونیا وە رۆژهەلاتی ناوەراست وە عیراق .

تکامان لە هەمو چاککردارەکانی نیۆ عیراق ودەرەوەیەتی وە هەمو هاوریانی گەلی عیراق کە پشتگیری ئەم کارە مروڤیاریە بکەن ، کە سود بەخشە بۆ هەموان وە بە کردارێکی تایبەتمەندی ئاشتی خوازانە نیشان وە دیار ئەکرێت ، وە ئەچیتە سەر کارە سودبەخشە مەزنەکانی کە میلەتی عیراق ئەنجامی داوە بۆ شارستانیەت وە لە بیرەوەری مێژودا جیگیربوە .         لە خوداوەند داواکاری پشتگیریو وە سەرکەوتنین .

لە جێی لیژنەی ئامادە کردن

پاریزەر : حەمە سەدیق محمود

**Mohammed S. Mahmoud    Mittelstr.  7   D- 53340 Meckenheim  tel,+49 1756159618**
**www.aemam.net  :  khalahama35@zahoo.de  :  swissbit@solami.com**